Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

ڕاپۆرتی سیاسی

مایۆ

2013

# ئاستەنگەکانی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی کوردستان


info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org


POLITICAL

# ئاستەنگەکانی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی کوردستان

**أ- ئاستەنگە قانوونیەکان:**

١-هەڵبژاردنی سەرۆک و کێ هەڵبژاردنەوە بووەتە کێشەیەکی سیاسی ناو کۆمەڵگای کوردستان. ئەو دەقە یاساییانەی لە هەرێدا هەیە، رێگا بە کاندیدبوونەوەی سێیەم نادات.

٢-لەلایەکی دیکە سیستەمی سیاسی کوردستان پێویستی بە بەردەوامی سەرۆک مەسعود بازانی هەیە.

٣-پرۆژەی دەستوور نەخراوەتە راپرسی و چەندین ساڵی بەسەردا تیپەڕیوە و ئەگەر بدرێتە بەر رای خەڵک پێویستە چاوی پێدابخشیندرێتەوە و پێویستییەکانی ئەم زەمانەی بۆ زیاد بکرێ. ئۆپۆزسیۆن ئەم پێویستیە بۆ لادانی سیستەمی سەرۆکایەتی بەکاردێنێ.

٤-یاسادانەر لە کوردستاندا خاوەن ئەزموونی دووربینی نیە و هەموو یاساکان دوای چەند ساڵێک گرفتیان لێدەردەکەوێ.

٥-ئەگەر سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی زەرورەت بێت ئەوە پێویستە پرۆژە یاسایەکی نوێی بۆ دەربچێ ئەگینا یاساکانی ئێستا رێگای دەرچوونی تێدا نیە.

هەر کاتێک پرۆژە یاسای نوێ دەربچێ، واباشە رۆلی" رابەرایەتی" بۆ سەرۆک بارزانی پێشنیار بکات. بۆ ئەوەش پێویستە مانا و دەوری رابەر دیاری بکرێ و بە یاسا پەسند بکرێ.

٦-ئایا لە هەبوونی رابەردا سەرۆکایەتی هەرێم وەک خۆی دەمێنێ یان پێناسە دەکرێتەوە؟ جێی باسە.

٧-هەر پرۆژە یاسایەک دەورەی سێیەمی سەرۆکایەتی دابین بکات، پێویستە سازانی (توافق)ی لەسەر بکرێ تا پەسندی گشتی وەربگرێ. سەرباری ئەوەش لە مێژووی دیموکراسیدا هەموو دەورە سێیەمەکان لاوازی پێوە دیارە و ئاستی دیموکراسی وڵات لە چاوی جیهانیان دێنێتەخوارەوە.(لەبەر ئەوە پرۆژەی رابەرایەتی پتر خۆی رەپێشدەکات). نابێ لەبیرمان بچێ کە لە وڵاتانی جیهانی سییەم و نادیموکراتدا یاسا بە ئاسانی هەموار دەکرێت، ئەوەش لە ئیعتباری یاساکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و جیهان دێنێتە خوارەوە.

٨-لە عیراقدا دادگای فیدرالی چالاک و بێلایەن نیە، بۆیە هەر پەسندێکی قانوونی دەبێ دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان تەفسیری بکات. پێویستە ئەو لایەنە لەبەر چاو بێت.

٩-پێویستە ئەو رۆشنبیرییە قانوونیە بچەسپێندرێ کە نابێ دەستوور یاری پێبکرێ و نابێ وڵات بێدەستوور بێت.

١٠-بۆ شێوەی راپرسی هیچ قانوونێکی دیاریکراومان نیە.

**ب-ئاستەنگە دەرەکییەکان:**

١١-کارتێکردنی ئێران و تورکیا لەسەر سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بە روونی دیارە. هەردووک وڵات دەیانەوێ سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی بەرژەوەندی ستراتیژی ئەوان دابڕێژری.

١٢-ئێستا ناکۆکی هەیە لەنێوان کەفائەت و کاریزمایی مەسعود بارزانی و دەقە یاساییەکانی کوردستان. ئەوەش دەستی ئێران زیاتر دەکاتەوە تا هاوپەیمانە کوردستانییەکانی خۆی بۆ ستراتیژی خۆی بەکاربێنێ. کاریگەری ئێران لە ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی گۆڕان دیارە.

١٣-هەروەها ئێران بۆ هێشتنەوەی یەکێتی نیشتمانی دوای مام جەلال، زەخت لەسەر کاریزمایی مەسعود بارزانی دەکات و گرفتی بۆ دەنێتەوە.

١٤-ئەو کاریزماییەی مەسعود بارزانی کاری خۆی هەر دەکات و چاوپۆشی لێناکرێ.

**ج- چەند ئەگەرێک هەیە:**

١٥-گۆڕان لە هەڵبژاردن دەترسێت و گومانی هەیە دەنگەکانی دەستکەوێتەوە. ئەنجامی هەڵبژاردنی ناوچە دابڕاوەکان بزووتنەوەی گۆڕانی ترساندووە. بۆیە هەوڵ دەدات هەڵبژاردنی پەرلەمان دوابخرێ.

١٦-یەکێتی نیشتمانی بۆ راگرتنی وەزنی خۆی ئامادەی سازشە لەگەڵ پارتی یان ئەگەر ناچار بوو لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی گۆڕان.

١٧-ئیسلامییەکان چاوەڕوانن کورسییەکانیان لە پەرلەمان زیاد بکات. هەرچەند تەجرەبەی میسر و تونس لە کێرفی پەسندی جەماوەرییانی هێناوەتە خوارەوە.

١٨-لەبەرامبەر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆندا وا پێشبینی دەکرێ کورسییەکانی پارتی زیاد بکات و بە پلەی یەکەم بێت. یەکیتی بە پلەی دووەم بەڵام دووەمێکی لاواز. گۆران لە چوار ساڵی رابردوو هیچی بۆ ناوچەی نفوزی خۆی پێنەکرا بۆیە لەوانەیە دەنگی پێشوو نەهێنێتەوە.

١٩-هەروەها دۆستایەتی و نەرمی پارتی لەگەڵ ئیسلامییەکان ئەو ئەگەرە دەدات ئۆپۆزسیۆن لەسەر دەوری سەرۆکایەتی بارزانی شڵەژانی تێبکەوێ و دەنگ بە بارزانی بدەن.

**د- پێویستە پارتی نەرمتر بێت:**

٢٠-بۆ کاریزمایی بارزانی پێویستە بیر لە سیغەیەک بکرێتەوە کە دەنگێکی شایانی بۆ دابین بکات. پێویستە ریسکی پێنەکرێ.ئەوەش بە تەوافقی سیاسی دەکرێ.

دوای تەوافقی سیاسی پێویستە پلاتیفۆرمێکی رۆشنبیران دروست بکرێ تا رووبکەنە رای گشتی و واقیعەکە روون بکەنەوە و بەشدار بن لە یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی. پارتی بە تەنیا دەتوانێ پلاتیفۆرمی رۆشنبیران دروست بکات و کەسایەتی رۆشنبیری کاریگەر و داهێنەر بەکاربێنێ و خۆی لە میزاج و گرفتی لابەلا دوورخاتەوە.

**هـ -رای گشتی و راگەیاندن:**

٢١-هەروەها پێویستە پارتی خۆی بۆ سازش و بەخشینی هەندێک پۆستی ناو حکوومەت ئامادە بکات. سەرۆکایەتی گرنگە نەک پاوان کردنی هەموو پۆستە گرنگەکان.(هەڵبەت جیا لە سەرۆکی حکوومەت).

٢٢-رۆلی راگەیاندن لەو بوارانەدا زۆر گرنگە و ئەوەی ئێستا هەیە لاوازە و لە ئاستی پێویست نیە.

٢٣-پارتی پێویستە ئەو پەیامە لە راگەیاندنە بدات کە مەبەستی خۆسەپاندن وەک حزبی زۆرینە نیە.

٢٤-دەکرێ لە راگەیاندن و پەیوەندیەکانیدا ، پارتی پەیام بدات کە پێگەی سەرۆکایەتی یەکپارچەیی کورد دەپارێزێ و سیستەم دروست دەکات. نموونەش لە دنیا زۆرن: وەک دیگۆڵ لە فرانسە..

٢٥-پلۆرالیزم (تعددیە) نابێ پێگەی سەرۆکایەتی بسرێتەوە. چونکە پلۆرالیزم خۆی ئەو رۆلەی پێنابیندرێ.

٢٦-ئەو هۆکارانەی هێزی سەرۆک زیاد دەکەن دەربخرێن و کاریان لەسەر بکرێ. چالاک کردنی پەرلەمان و حکومەت، هەروەها هەموو کارەکانی حکوومەت بدرێتەوە حکوومەت خۆی، سەرۆک لە گازندەی گشتی دەپارێزێ.

٢٧-لە تەنگژەدا میللەت پێویستی بە سەرۆک هەیە چونکە خۆی بڕیاری پێنادرێ.

پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق زۆر لاواز بووە و زەرورەتی مانەوە رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبیتەوە. سەرۆک لەم قۆناغەدا رۆلی خۆی دەبینێ و میللەت پێویستی پێیەتی.